ئەپراسیۆنە هاوبەشەکان کوشتنی 4 تیرۆریستی لە بیابانی سەرسار راگەیاند

ئەمڕۆ یەکشەممە،فەرماندەیی ئەپراسیۆنە هاوبەشەکان کوژرانی 4 تیرۆریستی لە بیابانی (سەرسار)ڕاگەیاند کە یەکەکیان پشتنی تەقەمەنی لەبەردا بوو.

لە ڕاگەیەندراوەکی شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیدا هاتووە:لە درێژەی قۆناغی سێیەمی ئەپراسیۆنەکانی (وەعد و حەق)و لەکاتی ڕاوەدوونانی تیرۆریستان لە بیابانی سەرسار لەلایەن هێزەکانی حەشد لە قائیم، ئەتەمبەلەکی جۆری پیکاپ کە 4 تیرۆرستی تەدابوو و یەکەکیان پشتنێیکی بەمبەژکراوی بەستبوو سەرجەمیان کوژران.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- ژمارەی ئەو تیرۆریستانەی لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا بە دەستی هێزە ئەمنییە قارەمانەکانمان کوژراون، گەیشتە 10 تیرۆریست.